## ئەحمەدی کۆری موکریانی

"ئەحمەدی کۆری هەژارە، موستەحەققی لوتفی یارە، یاری پێ بکاتن ئیشارە"

ئەحمەدی کۆر ئاڵقەیەکی گرنگی پێوەندیی لە نێوان دوو زاراوەی سەرەکی کوردی واتە کرمانجی ژووروو و خواروە. ئەحمەدی کۆر – یا وەک ئەوەی لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ کەس بە ناوی شێخ ئەحمەدی کۆرەوە ناوی دەبەن، بەرەگەز خەڵکی ناوچەی دهۆکە، لە گوندێکی دەور و بەری شنۆ لە دایک بووە و لە ناوچەی بۆکان گیرساوەتەوە و لە گوندی عەمباری بۆکان کۆچی دوایی کردوە و لەوێ نێژراوە (١٩٠٨-١٨٤٨).
لەسەر شوێنی لەدایک بوونی قسە هەیە و دەگوترێ لە ئاوایی حەمامیانی بۆکان لە دایک بووبێت، بەڵام شوێنی مردن و گڵکۆکەی کە زیارتگەی زۆر کەسانە، جێگەی گومان نییە.
شیعری ئەحمەدی کۆر هەردوو عونسوری کرمانجی ژووروو و خوارووی تێدایە و لە ژێر کارتێکەری زۆری ئەدەبی عەرەب و عەجەمدا، دارماڵی وشە و زاراوەی عەرەبی و فارسییە.
ئەحمەدی کۆر نوێنەری سەردەمێک لە ئەدەبی کوردییە کە هێشتا زمانی کوردی سەربەخۆیی تەواوی وەدەست نەهێنابوو:

مەکەن مەنعی عاشقان، عەشق کارێ دژوارە
هەرچی عەشقی لە دڵ بێ، بێ سەبر و بێ قەرارە
دائیم لەبەر هیجرانێ رەنگ زەرد و لێوبەبارە
دە عەشقدا سووتاوم، خەمم لە چوار کنارە
لەبەر دەرد و حەسرەتان، گریانم دێن هەزارە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :
دیوان و شەرحی حاڵی شێخ ئەحمەدی کۆر (موکریانی)، عەزیز محەممەد پوور داشبەندی، پێداچوونەوی مامۆستا هەژار، ناشر: محەممەد پوور، ١٣٧٨ [١٩٩٩]، ٣٩٧ لاپەرە